# کردنەوەی بیرگەی جینۆسایدی ئێزیدییان لە "گۆڕی دایکان" لە سۆلاغ، شنگال.

## کیتی ڕۆژنامەوانان بۆ ڕێوڕەسمی کردنەوە

## ١٨ تشرینی یەکەم ٢٠٢٣

ئەم بیرگەیە کە ڕووبەرێکی هاوبەش دەبێت بۆ یادکردنەوە و ماتەمینی، بۆ هەتاهەتایە ئەو کەسانەی کە بوونە قوربانیی دەستی توندوتیژی خوێنساردی جینۆسایدی ئێزیدییان لە ٢٠١٤ بە نەمری دەهێڵێتەوە.

لەبارەی ڕێوڕەسمەکە

کات: ١٨ تشرینی یەکەمی ٢٠١٣ لە کاتژمێر ١١:٠٠ بۆ ١٣:٣٠

شوێن: گوندی سۆلاغ، شنگال، عێراق (36.3085744, 41.9051522)

ئەم ڕێوڕەسمە کردنەوەی بیرگەیەکی مەزنە بۆ ڕێزلێنان و یادکردنەوەی ژیانی ئەو ئێزیدییانەی بەدەستی داعش لە ناوچوون، و لە لایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق و دەسپێشخەری نادیە ڕێکخراوە.

ڕێوڕەسمەکە دەکەوێتە نزیک ئەو شوێنەی بە گۆڕی دایکان ناسراوە لەبشوێنێکە تێیدا کۆمەڵێک ژنی ئێزیدیی بەساڵاچووی تێدا کوژرا. ڕێوڕەسمەکە چەندان گووتار لە خۆ دەگرێت لەلایەن نوێنەرانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ و دەستپێشخەریی نادیە، هەروەها نوێنەرانی نێردە دیپلۆماسییەکان و ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە ناحکومییە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان، و هەروەها ئامادەبوونێکی بەرفراوانی کۆمەڵگەی خۆجێیی بەخۆوە دەبینێت.

ئامادەبووان لە میدیا دەرفەتی ئەوەیان دەبێت کە چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانی لەگەڵ نوێنەرانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق و دەستپێشخەریی نادیە بە زمانی ئینگلیزی، کوردی یان عەرەبی ئەنجام بدەن، وێڕای دەرفەتی چاوپێکەوتن لەگەڵ نوێنەرانی کۆمەڵگە پێش دەستپێکردنی ڕێوڕەسمەکە.

بۆ حیجزکردن بۆ ڕێوڕەسمەکە و بۆ زانیاریی گشتی ڕۆژنامەوانی تکایە پەیوەندی بکەن بە:


دیپیکا نات

بەرپرسی بەشی زانیاری گشتی لە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق

iraqpublicinfo@iom.int
964 751 809 9279+

لووسی وولیسکرۆفت

بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان لە دەستپێشخەریی نادیە

press@nadiasinitiative.org


(تکایە پەیوەندی بکە بۆ حیجزکردنی دیمانە لەگەڵ نادیە موراد)


**<u>سەرنجی لۆجیستی</u>**

**بیرگەی جینۆسایدی ئێزیدی دەکەوێتە دەروازەی سنجار لە ڕێگای تەلەعفەر (بەری چەپ)، ٢٠٠ مەتر لە ڕێگەی سەرەکییەوە. لە ڕێگەی سەرەکییەوە دوو نیشانە هەن لەنزیک دەروازەکە.**




**جی پی ئێسی شوێەنەکە ئەمەیە:** 36.3086452, 41.9052066

جی پی ئێسی دەروازە لە ڕێگای سەرەکییەوە: 36.3152321, 41.9051858




***.وێنەی سەتەلایت: ئەم وێنەیە شوێنی بیرگەکە نیشان دەدات و و ڕێگای شنگال و تەلەعفەر (٤٧) پێشان دەدات***

ئاسایش

ئاسایشی ڕێوڕەسمەکە لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ناوەندی و خۆجێیی سەر بە حکوومەتی عێراق ڕێک دەخرێت. بێجگە لە ناوچە پارێزراوەکە، ئێمە چەندان چینی تری ئاسایش لە دەروازەی ڕێوڕەسمەکە مسۆگەر دەکەین.




*نەخشەی شوێنی ڕێوڕەسمەکە و گۆشەکانی تایبەت بە میدیا*

گەیشتن

١٠:١٥ – ١٠:٤٥ بەیانی. ڕێوڕەسمەکە لە کاتژمێر ١١:٠٠ بەیانی دەست پێ دەکات

کۆتایی ڕێوڕەسمەکە

ڕێوڕەسمەکە لە کاتژمێر ١٣:٣٠ کۆتایی دێت، بەڵام بیرگەکە بە کراوەیی دەمێنێتەوە هەتا ١٥:٠٠

وەرگێڕان

وەرگێڕانی ڕاستەوخۆ لە عەرەبییەوە بۆ ئینگلیزی و لە کوردییەوە بۆ ئینگیزی بەردەست دەبێت

## دەربارەی بیرگەکە

ئەم پڕۆژەی بیرگەیە به پاڵپشتی دارایی USAID و لەگەڵ سەرمایەی خەڵاتی نۆبڵی نادیە موراد – کە بەهۆی هەوڵەکانی بۆ کۆتاییهێنان بە بەکارهێنانی توندوتیژی سێکسی وەک چەکێکی شەڕ و شەڕی چەکداری پێی بەخشراوە – لەسەر داواکاری ڕزگاربووانی ئێزیدی لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا لە لایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ جێبەجێکراوە.

بیرگەی جینۆسایدی ئێزیدییەکان شوێنێکی کارەسات دەگۆڕێت بۆ ڕووبەرێک بۆ ئاشتی و یادکردنەوە، بەو هیوایەی ببێتە هۆکارێک بۆ سارێژبوونی برینی ئەو خێزانانەی کە هەرگیز جەستەی ئازیزانیان نەبینیەوە، بۆ ئەوەی ببێتە شێوەیەک لە دادپەروەری کە پێکهاتە کەمینەکانی عێراق – کە لەلایەن داعشەوە بە ئامانج گیران – زۆر شایستەین. ئەم شوێنەوارە وەک بیرخستنەوەیەک بۆ کۆمەڵگەی جیهانی وەستاوە کە دەکرێت مرۆڤایەتی بۆ ئەو قووڵاییە نوقم بێت، بەڵام وەک شایەتحاڵی بەهێزی و چەسپاوی ئێزیدییەکان و پێکهاتە کەمینە زیانلێکەوتووەکانی دیکەش وەستاوە کاتێک ژیانی خۆیان لە دوای جینۆساید بنیاتدەنێنەوە.

--------

ئەم بیرگەیە دەبێتە ئامرازێکی پەروەردەیی بۆ جیهان بۆ بیرهێنانەوەی جینۆسایدی ئێزیدییان و ڕێگرتن لەوەی کارەساتی لەم جۆرە هەرگیزاوهەرگیز جارێکی تر بەسەر کەسی تردا بێت. هەروەها دەبێتە ڕووبەرێک بۆ کۆکردنەوەی کۆمەڵگەکەمان بۆ یادکردنەوە و ڕێزلێنان لەو ژن و پیاو و منداڵانەی لە کارەساتەکە لە دەستمان دان.

نادیە موڕاد، خاوەن خەڵاتی نۆبل بۆ ئاشتی، باڵوێزی نیازپاکیی ڕێخراو UNODC و سەرۆک و دامەزرێنەری ڕێکخراوی دەستپێشخەریی نادیە

-------

بیرگەکە لە پێشوازیی میواناندایە بە دیوارێک کە لە ٧٣ پەیکەری خۆر پێکهاتووە و هێمان بۆ ئەو ٧٣ ڕووداوانەی چەوساندنەوە کە ئێزیدییەکان دووچاری هاتوون و لە مێژووی زارەکیی خۆیاندا تۆمار کراون.

کێلەبەردەکان بەشێوەی خولگەی نەپساو ڕێکخراون بە چواردەوری بیرگەکە کە ڕووبەرەکەی ١٠ هەزار مەتری چوارگۆشەیە، و هێمایە بۆ بەردەوامبوونی ژیانی ئێزیدییەکان و لێکدانەبڕانیان. نزیکەی ٣٠٠٠ کێلەبەردی مەرمەڕی بێناونیشان بەدرێژایی ڕێڕەوەکان داندراون بە مەبەستی یادکردنەوەی نزیکەی ٣٠٠٠ گیان کە لە ئابی ٢٠١٤ لە دەست چوون. لە ناوەڕاستدا مەلەوانگەیەک هەیە کە بەشێک بوو لە دەستپێکردنی سەنتەرێکی چالاکی کە بەقەد حەوزێکی مەلەوانیی ئۆلۆمپی دەبێت و وەک خۆی هێڵدراوەتەوە ئەمەشیان بە مەبەستی یادکردنەوەی زیاتر لە ٩٠ ژنی ئێزیدی کە بە مردوویی لە ناو حەوزە بەتاڵەکەدا دۆزرانەوە. حەوزەکە کە ئێستا بە [گۆڕی دایکان] دەناسرێت، وەک خۆی هێلدراوەتەوە بە ڕووپۆشێکی شووشەیی داپۆشراوە.

٢٥ ستوونی کۆنکریت کە درێژییەکەیان لە نێوان مەترێک بۆ ١٠ مەتردایە و هێمایە بۆ چیای پیرۆزی شنگال، بەسەر حەوزەکەدا دەڕوانن. هێمای پیرۆزی ئێزیدی کە خۆرە و هێمانی ژیان و لەدایکبوونە، ستوونی ناوەڕاستی ڕازاندووەتەوە.لەوبەری ستوونەکانەوە ٢٥ پەیکەری جیاوازی ئەندامانی کۆمەڵگەی ئێزیدیی لە جموجۆڵدا هەیە، کە گوزارشت لەو وێنە ڕاستەقینانە .دەکات کە تێیدا خەڵک بەرەوە سەلامەتی ڕایاندەکرد لە ساڵی ٢٠١٤

بیرگەکە هەروەها دوو هۆڵی گەورە لە خۆ دەگرێت لەگەڵ ئاودەستخانە و ڕووبەری سەوزایی و بە تەواوی بە وزەی خۆر کار دەکات بۆ دابینکردنی کارەبای ٢٤ کاتژمێری.

بیرگەکە بەبەکارهێنانی وێنەی سێ ڕەهەندی وەک دیاری بۆ کۆمەڵگەکە لەلایەن تەلارسازی ئێزیدی دێرسیم خەیری نامۆ دیزاین کراوە. وەکو هەوڵەکی هاوبەش، دێرسیم و ئەندازیارانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لەگەڵ کۆمەڵگە و سەرانی حکوومەت و هونەرمەندانی خۆجێیی لە شنگال گفتوگۆیان کرد بۆ وەرگرتنی سەرنج و بۆچوونیان لەبارەی دیزاینەکە و دووبارە دیزاینکردنەوە بەپێی پێویست.

[ببینە: تەلارسازی ئێزیدی دێرسیم خەیری نامۆ هێماکانی دیزاینی بیرگەی جینۆسایدی ئێزیدی ڕوون دەکاتەوە]

------------------------

"یادکردنەوە بناغەی ئاشتییە. بە کردنەوەی ئەم بیرگەیە، ئێمە پاڵپشتیی خۆمان دووپات دەکەینەوە بۆ کۆمەڵگەی ئێزیدی بۆ بنیاتنانی داهاتوویەکی گەشتر. جا چ گەڕانەوەی سەلامەت بۆ زێدی باوباپیرانیان بێت یان بە بنیاتنانی ژیانێکی نوێ لە شوێنێکی تر، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ بە هاوسۆزی لەگەڵ کۆمەڵگەی ئێزیدی دەوەستێت و بەردەوام دەبێت لە پاڵپشتیکردنی دەسەلاتدارانی نیشتیمانی بۆ بەدیهێنانی ئەم دیدە."

-جۆرجی جیگاوری، سەرۆکێ نێردەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ لە عێراق

------------------------

پلاندانان و دروستکردنی بیرگەکە لەلایەن ڕێکخروی نێودەولەتی کۆچ جێبەجێ کراوە. کارمەند و ئەندازیارانی پسپۆری ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ چەندان ڕووپێوییان ئەنجام داب ۆ زەویەکە و چەندان گفتوگۆیان لەگەڵ سەرانی کۆمەڵگە و بەرپرسانی حکومەت ئەنجام داب ۆ مسۆگەرکردنی ئەوەی کە بیرگەکە پێویستییەکانی کۆمەڵگەی خۆجێیی پڕ دەکاتەوە و پرۆسەی دروستکردنەکەی کەمترین بەربەست بۆ ژیانی ڕۆژانە دروست بکات. کارمەندانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی سەردانی بەردەوامیان هەبوو بۆ شوێنەکە و چاودێریکردنی پرۆسەی بنیاتنانەکە کە لەلایەن کۆمپانیایەکی بیناسازیی خۆجێیی بەڕێوە دەبرا.

بیرگەکە بە نزیکەیی هەشت مانگی پێ چوو بۆ تەواوکردنی و هەروەها دەرفەتی کاری بۆ زیاتر لە ٦٠ کەس لە شنگال دابین کردبوو. هەمووو مەوادەکان لە ناوخۆدا دابینکران و زۆربەی بەردی سرووشتی بەکارهاتوو لە چیای شنگالەوە هێنراون.

پێش دەستکردن بە بنیاتنان، تیمی یاسایی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ لەگەڵ خاوەن زەوی و دامودەزگا خۆجێییەکان بۆ مسۆگەرکردنی هەموو پێداویستییە یاساییەکانی وەکو بەڵگەنامەی بۆماوە و کیتابی سپۆنسەرکردن بۆ مسۆگەرکردنی بەناوکردنێکی یاسایی بۆ دەستپێشخەریی نادیە کە زەویەکەیان کڕی و دواتر بەخشیب، ئەمەش بە خەرجکردنی پارەی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی نادیە مورادی سەرۆکی ڕێکخراوەکە.

## دەربارەی دەسستپێشخەریی نادیە

دەستپێشخەری نادیە ڕێکخراوێکی ناحکومی نێودەوڵەتییە کە تایبەتە بە بنیاتنانەوەی کۆمەڵگاکان لە قەیراندا و داکۆکیکردن لە ڕزگاربووانی توندوتیژی سێکسی لەسەر ئاستی جیهاندا. کارەکانی ئێستای لەسەر دووبارە گەشەپێدانی بەردەوامی زێدی ئێزیدیەکانە لە شەنگال لە عێراق. دەستپێشخەریی نادی لەگەڵ کۆمەڵگەی خۆجێیی و چەندان هاوبەشی جێبەجێکار لە شنگال کار دەکات بۆ داڕشتن و پشتگیریکردنی ئەو پرۆژانەی کە برەو دەدەن بە گەڕاندنەوەی پەروەردە، چاودێری تەندروستی، بژێوی ژیان، ئاو و ئاوەڕۆ و پاکژی، کولتور و بەهێزکردنی ژنان لە ناوچەکەدا. دەستپێشخەری نادیە کۆمەڵگە و ڕزگاربووان دەخاتە کرۆکی کارەکانی و کار دەکات بۆ برەودان بە ئاشتەوایی درێژخایەن. دەستپێشخەریی نادیە داکۆکی بۆ هاندانی حکومەتان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بۆ پشتگیریکردن لە هەوڵەکان بۆ بنیاتنانەوەی شن گال و بەدەستهێنانی دادپەروەری بۆ ئێزیدییەکان و باشترکردنی دۆخی تەناهی لە ناوچەکە و پاڵپشتی بۆ ڕزگاربووانی توندوتیژی سێکسی لە سەرتاسەری جیهان.

بۆ زانیاری زیاتر: دەستپێشخەریی نادیە

## لەبارەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ لە عێراق

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ ڕێکخراوێکی پێشەنگە لە بواری کۆچکردن و لە نزیکەوە کار دەکات لەگەل حکومەتان و لەنێوان حکوومەتان و لەگەڵ هاوبەشانی ناحکوومیشدا بۆ پشتگیریکردن لە ئیدارەدانێکی ڕێکخراو و مرۆڤانە، بۆ برەودان بە هاوئاهەنگیی نێودەوڵەتی لەبارەی پرسگەلی تایبەت بە کۆچ، و هەروەها وەڵامدانەوە بۆ پێویستییە مرۆیی و گەشەییەکانی ئەو کۆمەڵگایانەی لە گوزەردان کە پەنابەران و ئاوارەکانیش دەگرێتەوە.

بە زیاتر لە ١٧٠٠ کارمەند و نووسینگەی گەورە لە بەغدا و هەولێر و بەسرە و موسڵ، ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ لە عێراق بە هاوکاری لەگەڵ حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان کاردەکات بۆ پێشکەشکردنی پاڵپشتی فرە-بوارلە هەر ١٨ پارێزگاکەی عێراق کە بەڕێوەبردن و هەماهەنگی کەمپ، نۆژەنکردنەوەی پەناگە و ژێرخان، چاودێری تەندروستی، خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی دەروونی و پاڵپشتی دەروونی و کۆمەڵایەتی، هاوکاری بژێوی، پاراستن، پشتگیری بۆ داڕشتنی ڕێکارە یاساییەکانی کۆچی نیشتمانی و زۆر شتی دی دەگرێتەوە.

بۆ زانیاری زیاتر: ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق

## سەرنج بۆ میدیا

بیرگەی جینۆسایدی ئێزیدییان شوێنێکە بۆ یادکردنەوە و ماتەمینی. سەردانکەران و ئامادەبووان لە کۆمەڵگەی خۆجێیی هێشتا لە شیوەندان بۆ لەدەستدانی خۆشەویستانیان و دەشێ لە کاتی ڕێوڕەسمەکەدا لەژێر فشاری دەروونیدا بن.

ئێمە داواتان لێ دەکەین کە بە هاوسۆزییەوە ئامادەبن و بە هەستیارییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم بابەتەدا بکەن بەهۆی ئەو دەردەسەری و ئاڵۆزییە دەروونییانەی کە کۆمەڵگەکە پێیدا تێپەڕیوە.

گۆشەیەکی تایبەت بە میدیا دابین دەکرێت بۆ وێنەگرتن و ڤیدیۆگرتنی گوتەبێژەرکان لە ڕێوڕەسمەکەدا. تکایە جموجۆڵتان سنووردار بکەن لە کاتی پێشکەشکردنی گووتەکان و خۆتان بە دوور بگرن لە بەکارهێنانی فلاش لایت.

بۆ دیمانە لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵگەکە، تکایە چاو بخشێننەوە بە ڕێنوێنییەکانی پەیڕەوی موڕاد و بۆ هەر تاکەکەسێک کە ڤیدیۆی دەگرن و دیمانەی لەگەڵ دەکەن، ڕەزامەندیی تاکەکەسەکە بە دەست بهێنن.

تیمەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ و دەستپێشخەریی نادیە لە شوێنەکەدا ئامادە دەبن بۆ پاڵپشتیکردنتان.

بۆ زانیاری زیاتر و بۆ ئەوەی بخرێنە سەر لیستی ئیمەیلی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ تکایە پەیوەندی بکەن بە: *iraqpublicinfo@iom.int*

## مەلتیمیدیا

ئێوە ئازادن لە بەکار هێنانی ئەم ناوەڕۆکە مەلتیمیدیاییەی خوارەوە لە ڕاپۆرتەکانتاندا، بە ئاماژەدان بە ڕێکخراوی نێودەوڵێتی کۆچ لە عێراق. هەموو ناوەڕۆکێک مافی ئازادکراوە، بە ئاماژەدان بە ڕێکخراوی نێودەوڵێتی کۆچ لە عێراق ٢٠٢٣، وەکوو سەرچاوە.

لینکی وێنەکان